گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری دیاردەی توندڕەوی ئایینی لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان (٢٠٠٣-٢٠٢٠هەرێمی کوردستان-عێراق بەنموونە)

**ولید جعفر ابراهیم**
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Waleed.ibrahim@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٢/١
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٨
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Keywords: extremism, phenomenon, moderate, misguided, coexistence.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.2

**پوختە**

ئەم توێژینەوە لە ڕێگای ئەنجامدانی دەیان چاوپێکەوتن وشیکردنەوە بۆ چەندین دۆکۆمێنت و سوود وەرگرتن لە کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان بە سوود وەرگرتن لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕەی ئینتەرنێت ئەنجامدراوە. هەروەها توێژینەوەکە پەیڕەوی لە میتۆدی جۆری شیکاری ناوەڕۆك دەکات بۆ گەیشین بە ئامانجەکانی. لە بنەڕەتدا توێژینەوەکە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر توندڕەوی ئایینی و کاریگەریەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان و بوونی ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینرێت. توێژینەوەکە ئەوە دەوپاتدەکاتەوە کە دیاردەی توندڕەوی ئایینی دیاردەیەکی جیهانییە و مەترسییەکی زۆری هەیە لەسەر پێکەوە ژیان بەگشتی و بەتایبەتی لەم کۆمەڵگایانەی لە ڕووی پێکهاتەوە فرە پێکهاتەن. گومانی تێدا نییە کۆمەڵگای کوردیش کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتەیە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەر شاڵاوی ئەم مەترسییە بکەوێت. هەروەها توێژینەوەکە ئاماژە بە شێوازەکانی

دەرکەوتنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی دەکات، هاوکات لە ڕێگای چەند خاڵێکەوە ئاماژەدەدات بەپاڵنەر و ئاستەنگەکانی بەردەم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها تیشك دەخاتە سەر لەباری و نالەباری زەمینەی هەرێمی کوردستان بۆ دروستبوون و گەشەکردنی ئەم دیاردەیە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامە گەیشتووە کە توندڕەوی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە بەڵام بەرێژەی جیاواز. لە هەرێمی کوردستاندا ئەم دیاردەیە لە ئاستی ئەوەدا نابینرێت کە ببێتە مەترسی لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان. ئەگەر هەشبێ لەئاستێکی ئەوەندە نزمدایە کە شیەنی باسکردن نییە، چونکە هەر جۆرە باسکردنێك بە ئەگەری زۆرەوە زیادەڕەویی لیدەکرێت و نالۆژیکی دەردەچێت یاخود بەمەبەستی تر بەکاردێت. تاکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی توندڕەوی بەرامبەر بە کەمیینە ئایینیە ڕووی نەداوە بە جۆرێك لە جۆرەکان بووبێتە مەترسی لەسەر ئەم پێکەوە ژیانەی کە چەندین ساڵە لەناوچەکەدا بوونی هەیە. ئەمەش هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە کایەوە، چەندین هۆکار و پاڵنەر هەبوونە، بۆ نموونە ڕۆڵی حکومەت و مامۆستایانی ئایینی و شێوازی دیینداری کۆمەڵگای کوردی لە دیارترین هۆکارەکانی درێژەدانن بە پاراستنی پێکەوە ژیان و بوارنەدان بە دروستبوونی زەمینەیەك کە گونجاوبێت بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا.

## 1.پێشەکی

بە هۆی کاریگەری و مەترسی لێکەوتەکانی توندڕەوی ئایینی، ئەمڕۆ لە تەواوی زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهان گرینگیەکی زۆر دەدرێت بەم بابەتە. ئەگەر سەیری بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین دەبینین بەردەوام لە ڕووی سیاسی و ئاسایشی لە ژێر کاریگەری گروپە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توندڕەوەکاندان. گومانی تێدا نییە ئەم دیاردەیە کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەبووە. ناوچەکە بەگشتی لەدوای ساڵانی ٢٠٠٣وە تاوەکو ئەمرۆش لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. تاڕادەیەك ئەم گۆڕانکاریانە بوونەتە هۆی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی  دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە ناوچەکەدا. بەڵام هەرێمی کوردستان هەل و مەرجی جیاواز بووە. بەهۆی مەترسی لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە گرینگە خوێنەری کورد هۆشیاری هەبێت لەسەر وەها بابەتێك. ئەم توێژیەوە خوێنەری کورد  ئاشنادەکات بە دیاردەی توندڕەوی ئایینی و کاریگەری دیاردەکە لەسەر کۆمەڵگاکەی لە چ ئاستێکدا دەبینرێت. ئایا بۆتە مەترسی لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان؟ ئایا زەمینەی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە؟ ئاستەنگەکان و پاڵنەرەکانی بەردەم ئەم دیاردەیە چیین...هتد. توێژینەوەکە  وەڵامی ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکە دەداتەوە. هەروەها لبر ئەوەی نێچیری گروپە توندڕەوە ئایینیەکان زیاتر چینی گەنجە، دەکرێت توێژینەوەکە گرینگی بۆ ئەم چیینە زیاتر بێت. زانستی کۆمەڵناسی گرینگیداوە بە شیکردنەوە  و چارەسەرکردنی کێشەکانی چینی گەنجان، لە میانی تیۆرەکانی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەوە (psychology and sociology) بۆ نموونە دیاردەکانی پەیوەست  بە ڕەوتە توندڕەوەکان و بەها و ڕەفتار و ڕۆڵیان لە پرۆسەی گۆڕانکاری و بنیاتنان و گەشەپێدان لە کۆمەڵگادا. ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. دەرئەنجامی شیکردنەوەکان دووپاتی دەکەنەوە هۆکاری توند ڕەوو بوونی تاکەکان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە بێ بەها بوونی ژیان و پابەند نەبوون بە بەهاکانی کۆمەڵگا. هەروەها نەبوونی توانای خۆگونجاندنی تاك لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ژینگەییەکان، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی بێئومێدی و گۆشەگیری یان شەڕانگێزی و سەرئەنجام تاکێك ئامادەدەکات کە لە ناخەوە ناڕازییە و مەیلی بەرەوە توندڕەوەی هەیە. بوونی ئەم جۆرە تاکە بە تێپە

ڕبوونی کات زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی هەروەك لە بەشی سێییەمی توێژیەوەکەدا باسمانکردووە. بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە سەرەتادا باسی چەمکی توندڕەوی و توندڕەوی ئایینی دەکات لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی.

پاشان دێتەسەر باسی توندڕەوی ئایینی لەهەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان. لە بەشەکانی دواتدا دێتە سەرباسی لەباری و نالەباری زەمینەی هەرێمی کوردستان بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی. هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەدەکات بە گرینگترین شێوازێکی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە. هەروەها ئاماژدە دەدات بە لێکەوەتە مەترسیدارەکانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگادا و پاشان ئاماژە دەدات پاڵنەرو ئاستەنگەکانی بەردەم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا. لە کۆتایدا توێژینەوە کۆمەڵێك پێشنیار دەخاتەڕوو کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت بەمەبەستی بوارنەدان و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

### ١-١ گرینگی توێژینەوە:

توندڕەوی ئایینی لە ئێستادا یەکێکە لە بابەتە هەر گەرمەکانی بواری ئەکادیمیا و سۆشیال میدیا، لە تەواوی جیهان گرینگی زۆر بەم بابەتە دەدرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی مەترسییەکی زۆر لەسەر ئاسایشی وڵاتان چ لەسەر ئاستی ناوەخۆی بێت چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەوە دەبینین فرە پێکهاتەیە و بە حوکمی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی هەموو کات مەترسی هاتنی بیری توندڕەوی ئایینی لەسەر بووە، لە لایەك دەبینین داعش چەند لە سنوورەکەمان نزیکە و لەلا یەکیتر هەبوونی توندڕەوی ئایینی لەنێو عێراق لەسەر ئاستی هەردوو مەزهەبی سوونە و شیعە، لێرەدا دەمانەوێ خوێنەر ئاشنا بکەین بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان و ئاستی هەبوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی و پێکەوەژیان لەگەڵ کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان. دەکرێت گرینگی ئەم توێژینەوە زیاتر بۆ چینی گەنجا بێت، بەهۆی ئەوەی گروپە توندڕەوەکان زیاتر کارلەسەر ئەم چینەدەکەن و سوود لە ناهۆشیاری گەنجان وەردەگرن بۆ ئەوەی سەرنجیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

### ٢-١ پرسیاری توێژینەوە:

ئایا دیاردەی توندڕەوی لە هەرێمی کوردستاندا بۆتە مەتری لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان؟

**١-٣ ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:**

گومانی تێدا نییە هەموو کارێك ئاستەنگی لەبەردەم دروست دەبێت، یەکێك لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم توێژینەوە، هەبوونی بیروبۆچوونی تەواو جیاواز بوو لەسەر ئاستی هەبوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان، یەکێکیتر لە ئاستەنگەکان کەمی سەرچاوەی کتێب بووە.

**١-٤ ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە بریتییە لە نیشاندانی ئاستی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی پاڵنەر و ئاستەنگەکانە. هەروەها هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردە لەو لێکەوتە مەترسیدارانەی کە لەم دیاردەیە دەکەونە، بۆ نموونە مەترسی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**١-٥ گریمانەی توێژینەوە**

دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان حاڵەتە و نەبۆتە دیاردە.

**١-٦ میتۆی توێژینەوە**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری سوودمان وەرگرتوە لە چەندین دۆکۆمێنت و ڕاپۆرت و دیبەیتی ئەکادیمی لە نێویاندا (ڤیدیۆ) لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و چەندین چاوپێکەوتن، هەروەها ئەنجامدانی شیکاری ناوەڕۆك بۆ نووسراوەکان و چاوپێکەوتنەکانی کەسانی پسپۆر و بەئەزموون لە بواری توندڕەوی ئایینی و فکری توندڕەوی لە خۆگرتووە، هەروەها کەسایەتی سیاسی و پیاوانی ئایینی لەنێو مووسڵمانان و مەسیحی لەخۆدەگرێت. بەشی زۆری ڕاپۆرت و دیکۆمێنتەکان لە تۆڕی ئینتەرنێت وەرگیراون، هەروەها سەبارەت بە میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، سرووشتی ئەم جۆرە توێژینەوانە وا دەخوازێت کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی جۆری و شیکاری ناوەڕۆك بەکاربێت، و هەر یەك لە سەرچاوەکانی بەکارهاتوو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆکراوە. و بەشێك لە چاو پێکەوتنەکان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ئەنجامدراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٧-١ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

دیاردەی توندڕەوی و توندڕەوی ئایینی و تیرۆر لە کۆمەڵگاکان بە شێوەی جیا جیا دەردەکەون ، چینی گەنج هەمیشە زۆرترین بەژداریان تێدا هەبووە، دەمارگیری و تعصب لە نیشانە سەرەکیەکانی چوونە بەرەو توندڕەوی کە وا لە تاک دەکات باوەڕی بەیەک فکر هەبێ و دەرگای گفتوگۆ دابخات بەرامبەر هەموو فکرەکانیتر. کەسی توندڕەو هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆیدەدا و بەهەموو هێزێکی ئامادەیە بەرگری لێبکات و بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵدەدات بیسەپێنێ بەسەر کەسانیتر هەتا ئەگەر پێویست بە بەکار هێنانی هێزیش بکات. لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان توندڕەوی و تیرۆریزم ، توندڕەوی پەیوەندیدارە بە بیروباوەڕو بیرۆکەی نامۆن و نەگونجاون لەکۆمەڵگادا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئایینیەوە. ئەگەر توندڕەوی پەیوەندی بەتوندوتیژی جەستەیی یان هەڕەشەی توندوتیژیەوە هەبێت ئەوا دەچێتە قۆناغێکی تر و دەبێتە تیرۆر. کەواتە توندڕەوی دەگۆڕێت بۆ شێوازی توندوتیژانەی ڕەفتار یان هێرشکردنە سەر ئازادیەکان یان موڵك و ژیان، ئەوکات دەکەوێتە چوارچێوەی تیرۆریزم. کەواتە بابەتەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاك. شیکاری تیۆرەکانی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی ( psychology and sociology) لەسەر ڕەفتارەکانی تاك لە کۆمەڵگا، چەخت لەسەر چەند هۆکارێك دەکەنەوە کە تاك بەرەو توندڕەوە بوون دەبات، یەکێك لە هۆکارە هەر دیارەکان بریتییە لە مۆدێلی پابەند نەبوون بە بەهاکانی کۆمەڵگا. هەروەها نەبوونی توانای خۆگونجاندنی تاك لەگەڵ کۆڕانکاریە کلتورییەکان و بێ بەها بینینی ژیان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئەمانە لە دیارترینی ئەو هۆکارانەن کە تاك بەرەوتوندڕەوی دەبەن. هەروەك چۆن شرۆڤەکارە دەروونییەکان psychology ئەو گریمانە سەلمێندراوە کە جۆرێك لە نائومێدی و هەستکردن بە لاوازی و بوونی بۆشاییەکی ئەخلاقی لەنێو گەنجانەدا وایکردوە کە هەست بەوە نەکەن کە بوونیان پەیامێکی ئەخلاقی و بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیە هەستکردن بە بێ بەهابوونی ژیان و هەستکردن بە لاوازی و بێدەسەڵاتیان ئەم بۆشاییە ڕۆحی و ئەخلاقی و فیکریە لە ژیانی گەنجاندا بە گرتنەبەری ئامانجی کۆمەڵایەتی تر قەرەبوو دەبێتەوە، وەکو نارەزای دەربرین بەرامبەر بە بەها کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر بە ئایین و سیستەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی بەگشتی.

**٨-١ پەیکەری توێژینەوە**

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت و هەریەك لەم دووبەشە چوار باس لەخۆدەگرێت لەگەڵ دەرئەنجامێك لە کۆتاییدا و خستنە ڕووی چەند پێشنیارێك بەمەبەستی کارکردن لەسەریان وەك بەربەستێك بۆ بوارنەدان بە دروست بوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان. لە بەشی یەکەمدا ناساندنی چەمکی توندڕەوی و توندڕەویی ئایینی لە خۆدەگرێت لەگەڵ  مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی . دواتر باسی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ  پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لە بەشی دووەم توێژینەوەکە باسی  زەمینەی هەرێمی کوردستاندەکات کە تاچەند لەبارە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی و دواتر باس لە شێوەکانی دەرکەوتنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی دەکات لەگەڵ مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە. پاشان لە کۆتیایی ئەم بەشەدا تیشکدەخاتە سەر  پاڵنەر و ئاستەنگەکانی بەردەم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە دەرئەنجام و چەند پێشنیارێك لە خۆدەگرێت بەمەبەستی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگای کورددیدا.

## ٢. بە شێوەیەکی گشتی چەمکی توندڕەوی و توندڕەویی ئایینی.

چەمکی توندڕەوی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، هەندێك لە توێژەران پێیان وایە  توندڕەوی جۆرە نەخۆشییەکی ترسناکە ڕووبەڕووی هەموو کۆمەڵگاکان دەبێتەوە، دەتوانین پێناسەی توندڕەوی بکەین بە حاڵەتێك کە توشی کەسێك دەبێت وادەکات ئەوکەسە بیروبۆچوونێکی تەواو جیاوازی هەبێت بۆ بەها و باوەڕە باوەکانی نێوکۆمەڵگا، ئەمەش وادەکات ڕەفتاری جیاوازی لێدەر بکەوێت. بەهەمان شێوە توندڕەوی ئایینیش چەندین ناساندنی جیاوازی بۆ کراوە بەگشتی دەتوانین بڵێین توندڕەوی ئایینی واتا باوەڕ بوونێکی ڕەها بە یەك بیروبۆچوون و بوارنەدان بە ئەگەری گفوگۆکردن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر ئەوەی کە خۆی باوەڕی پێی هەیە، لە بەرامبەردا بەهەڵە زانینی هەموو ئەو هزرانەی کە هاوڕا نین لەگەڵ هزری ئەودا.

**٢-١ناساندنی چەمکی توندڕەوی و توندڕەویی ئایینی چییە؟**

سەرەتا بابزانین توندڕەوی مانای چییە؟ توندڕەوی واتا باوەڕبونێکی کوێرانە و ڕەها بە یەك هزر یان کردارێك و بەپێچەوانەوە ڕەتکردنەوەیەکی تەواو و بەبێ بواردان بە ئەگەری گفتوگۆکردن. دەکرێت توندڕەویی پێناسە بکرێت بەوەی کە دیاردەیەکە کاتێك ڕوودەدات کە تاك هەڵوێستێکی یەکلاکەرە بەرامبەر بە کردارێك یان فکرەیەك چ ئەرێنی بێ یان نەرێنی وەردەگرێت ، لەوانەیە تەنیا لە چوارچێوەی بیرکردنەوەدابێ هەندێ جاریش لە شێوەی ڕەفتار دەردەکەوێت. کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی درووستدەکات لەسەر تاك بەتایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی. توندڕەوی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی بە هەلومەرجی ئایینی و فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاوە هەیە. لە کۆمەڵگا سێنترالیستیەکاندا توندڕەوی ئەوەیە کە باوەڕ بە پێشێلکردنی بەها و پێوەرە پەسەندکراوەکان لە کۆمەڵگادا هەبێت و ئەو بەهایانە بشکێنێت بە هەڵوێستێك کە نامۆبێ لە کۆمەڵگاکەدا و ئەگەری زۆرە توندڕەوی لە زۆربەی کۆمەڵگاکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئایینی یان مەزهەبی بوونی هەبێت(زیتون ، 2017،لا٢).

دیاردەی توندڕەوی لە ڕوانگەی جیاوازەوە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە بۆ نموونە د. سعید توفیق پێناسەی توندڕەوی دەکات بەوەی کە حاڵەتێکی ناهۆشیارییە تووشی کەسێك یان گروپێك دەبێت، توندڕەوی ئایینیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری لەئایین(توفیق،٢٠٢١،لا١).
هەروەها علی الشبیل پێناسەی توندڕەوی ئایینی دەکاتە بەوەی کە بریتییە لە باوەڕبوونێکی ڕەها بە یەك هزر یان یەك مەزهەب یان گروپ یان یەك حزب یاخود یەك جۆر لە تێگەیشتن(الشبیل،٢٠١٣،لا٩).
رمضان الطنطاوی پێناسەی دیاردەی توندڕەوی دەکات دەڵێت توندڕەوی واتا ڕەتکردنەوەی هەموو هزر و داب و نەریت و هەر باوەڕێك کە لەگەڵ هزری کەسی توندڕەودا پێچەوانەبێت، وکەسی توندڕەو

هەوڵدەدات بیرۆکەکانی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا بسەپێنێت هەتا ئەگەر پێویست بە بەکارهێنانی توندوتیژیش بکات(طبيشات،٢٠٢٢،لا١).

لە ئێستادا چەمکی توندڕەوی مۆرکێکی جیهانی وەرگرتوە و سنوورە ناوخۆییەکانی تێپەڕاندوە و لە ئاستێکی بەرفراوان بەکاردێت، بەڵام تاکو ئێستا کۆدەنگییەك لەسەر پێناسەکرنی نییە و یەکێك لە هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم چەمکە تاوەکو ئێستا شێوەی کۆتایی خۆی وەرنەگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك پێناسەی دەکەن بەوەی کە دیاردەیەکی تەواو هزریە کاتێك تاکەکان هەڵگری تێڕوانینێکی تەواو جیاوازن دەربارەی کۆمەڵگا و حوکمڕانی. هەندێك لە بیرمەندان بەنموونە ڤێرگانی جیاوازی کردووە لە نێوان دوو جۆر لە توندڕەوی کە یەکێکیان توندڕەوی هزریە کە تیایدا تاك هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوە، ئەویتریان توندڕەوی ڕەفتارییە، کە تێدا تاك بەشێوەیەکی کرداری هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕەفتاری توندڕەوانە. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەشبدەین مەرج نییە هەموو هزرێکی توندڕەو ڕەفتاری توندڕەوانەی لێ بکەوێتەوە، بۆ نموونە توندڕەوی و تیرۆر، توندڕەوی لە سەر ئاستی هزر و هەستە بەڵام تیرۆر لەسەر ئاستی ڕەفتارە. کەواتە ڕەفتار هەنگاوی دووەمە و هزر سەرچاوەکەیەتی( یوسف و محمد،٢٠٢٠،لا٧).

ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنە ناوەخۆیی و جیهانیەکان بکەین دەبینین لە ئێستادا گرینگیەکی زۆربە بابەتی توندرەویی دەدەن، وەکو توندڕەوی بەرامبەر ئافرەتان و توندڕەوی ئاینی هتد... هۆکاری ئەم گرینگی پێدانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسیە گەورەیەی دروستی کردووە بۆ سەر ئاسایشی جیهان. بەگشتی دەتوانین پێناسەی توندڕەوی بکەین بەوەی بەکەسێك یان گرووپێك یان ئەفکارێك دەگوترێت کە خۆیان بە خاوەن ڕاستی تەواوەتی دەزانن و پێیان وایە ئەوەی پێچەوانەی دیدوبۆچوونی ئەوان بێت لەسەر هەڵەیە و جگە لە خۆیان هیچ کەسی دیکە شایەنی پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی نییە، و پێان وایە هەر کەسێك پیچەوانەی دیدوتێڕوانینی ئەوان بێت ئەوە بەهەڵەداچووە . بە شێوەیەکی گشتی توندڕەوی چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای باسی ئێمەیە بریتییە لەتوندڕەوی ئاینی. لە ئێستادا توندڕەوی ئاینی بووە بە هەورێکی ڕەشی ترسناك کە سێبەری کەوتۆتە

سەرهەموو جیهان، و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، و توندڕەوی ئایینی لە هەموو ئایینەکاندا بوونی هەیە، بەڵام ئەم دیاردەیە لەئایینە ئاسمانیەکان زیاتر دەبینرێت(الجسمي ،٢٠١٧، لا ١-٢).

دەستەواژەی توندڕەوی ئایینی بۆ ناساندنی ئەو کەس و گروپ و لایەنانە بەکاردێت کە باوەڕیان وایە ڕاستی ڕەها لەلای ئەوانە و تەواوی هزر و ڕەفتارەکانیتر بە هەڵە دەزانن و بواری گفتوگۆکردن لەسەر ناکۆکییە هزریەکان ڕەتدەکەنەوە، لەهەمانکاتدا هەوڵی سەپاندنی بیروباوەڕی خۆیاندەدەن بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش ڕێگای توندو تیژی دەگرنەبەر.

**٢-٢ مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی توندرەوی ئایینی.**

هەر لە کۆنەوە دیاردەی توندڕەوی ئایینی لەنێو ئایینەکاندا بوونی هەبووە، چەمکی توندڕەوی ئایینی بۆ یەکەمین جار لە ئیسرائیل بەکارهات کاتێك کۆمەڵێك گەنجی ئیسرائیلی پابەند بە ئایینەکەیان، دەستیانکرد بە ناساندنی کەلتور و بیروباوەڕی میللەتی خۆیان لەو ناوچانەی کەتێیدا ژێردەستەبوون. نکوڵی لەوە ناکرێت بەهەمان شێوە دیاردەی توندڕەوی ئایینی لەمێژووی ئیسلامدا بوونی هەبووە. دروست بوونی کۆمەڵەیەك بەناوی (الخوارج) کە هەڵسان بەدژایەتیکردنی دەسەڵات، بەسەرەتای سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە مێژووی ئیسلامدا دادەنرێت. بەشێکی زۆر لەگروپە توندڕەوەکانی ئەمرۆ دەیانبینین ڕەگوریشەیان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە(النجار،٢٠٢١،لا٢).

توندڕەوی بەهەموو جۆرەکانییەوە لێکەوتی مەترسیداری دەبێت لەسەر ئارام و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگاکاندا و ئەگەر توندڕەوی ئایینی بێت ئەم مەترسیە زیاتردەبێت بەهۆی بە پیرۆز زانینی بیروباوەڕە ئایینیەکان. توندڕەوی لە تەواوی ئایینەکاندا بوونی هەبووە، بەتایبەتی لە ئایینە ئاسمانیەکاندا. بۆ نموونە ئەو یەکتر قەبوڵ نەکردنەوی لە نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی ئایینی جوولەکەدا هەیە. بەهەمان شێوە جیاوازی و ناکۆکی عەقیدەییەی لە ئایینی مەسیحیدا بوونی هەیە، ئەم ناکۆکیە لە ڕێگەی چوار عەقیدەی ناسراوەوە دەبینینەوە وەکو (کاسۆلیکی، پرۆتستانتیزم،

ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات، ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات). بەهەمان شێوە ناکۆکیە مەزهەبیەکان لە نێو ئایینی ئیسلامدا لە نێوان هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوونە، ناکۆکیەکان گەیشتونەتە ئەو ئاستی یەکتری کوشتن(شرف الدين، ٢٠٢٠،ل١).

توندڕەوی ئایینی لەسەردەمی سێیەمین خەلیفەی ئیسلام، خەلیفە (عثمانی کوڕی عفان) سەری هەڵدا و کۆمەڵێك ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا کە تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەم دیاردەیە سەری هەڵدا کاتێك کۆمەڵێکی نارازی لە خەلیفە داوای جێبەجێکردنی شەریعەتیان دەکرد لە خەلیفە، پێداگربوون لەسەر ئەوەی کە لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێ هەموو بنەماکانی شەریعەت جێبەجێ بکرێت و نابێت هیچ کەسێك جێبەجێکردنی حوکمە شەرعیەکان دوابخات بە پاساوی جیاواز. ئەمە بووە سەرەتایی دەرکەوتنی توندڕەوی لە ئیسلام(الصاوی،١٩٩٣،ل٢٩).

ئەمە بووە سەرەتای  دروست بوونی کۆمەڵێك ئاژاوەی سیاسی سەر ئەنجام بووە هۆی کوشتنی خەلیفە عثمان لەلایەن توندڕەوەکان. زۆربەی کات دەبینین توندڕەوەکان بۆ بەئامانج گرتنی نەیارەکانیان پشتیان بەستووە بە تاوانبارکردنی بەرامبەریان لە میانەی لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز بۆ دەقەکان .کەواتە توندڕەوی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و ئامانجەکانی دیارن، لە ساڵانی ١٩٤٠ تاکو ١٩٧٠دەبینین  زۆربەی گروپە توندڕەوەکان هەڵگری هەمان هزرن و گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ نابینرێت لە نێوانیاندا. ئەمەش ئەوەمان بۆ دوویات دەکاتەوە کە توندڕەویی ئایینی دیاردەیەکە کە لە هەموو کات و شوێنێکدا و لە هەموو ئایینەکاندا بوونی هەبووە. ئەگەر وردبینەوە لە چۆنیەتی سەر هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە مصر دەبینین پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆزە. مصر هەر لەسەردەمی فیرعەونەکان تاوەکو ئەمڕۆش ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێکهێنانی ژیان و بەهاکان لە کۆمەڵگادا . کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەسەردەمی سیاسییەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو کۆمەڵەی الاخوان المسلمين کە لەساڵی ١٩٢٨ بەڕابەرایەتی کەسایەتیەکی ئایینی نێوکۆمەڵگای مصری بەناوی حسن البنا لە مصر دروست بوو. الاخوان المسلمين  و کۆمەڵانەی دیکەی هاوشێوەی لە چوارچێوەی فرەحزبی لە مصردا بەدیارکەو توون. ئەم کۆمەڵانە ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبووە سەبارەت بەو کێشانەی لە گۆڕەپانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و سیایسدا هەبوون. هەروەك هەموو هێزێکی کۆمەڵایەتی مافی ڕادەربڕینیان هەبووە لە هەموو باسو خواسەکاندا. ئەمانە و پێش ساڵی (1952)ش

دەرفەتیان پێدرابوو کە گوزارشت لە دنیابینی خۆیان بکەن، کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە وڵاتی مصر لەسەرەتا کار و چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی ئامۆژگاری و کاری خێرخوازی بوو، دواتر وردە وردە هەنگاویان نا بەرەو چالاکی سیاسی. لە ساڵی( ١٩٤٨ تا ١٩٨٠) ی زاینی کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە قۆناخێکی کارەسات باردا تێپەڕین. قەیران و کێشەکان گەیشتنە لووتکە کاتێك کۆمەڵەی الاخوان المسلمین خرانە زیندان. لە دوای کوژرانی حسن البنا کە دامەزرێنەری الاخوان المسلمین بوو بارودۆخەکە بەرەو خرابترچوو دواتریش سەرۆکی مصر جەمال عبدالناصر کەوتە ئەشکەنجەدان و بەندکردنی ئیخوانەکان کە ئەمەش بوە هۆی هەستکردن بە چەوساوەیی، لەدەرئەنجامی ئەمانە هەنگاو بەهەنگاو بیری توندڕەوی لە زیندانەکان دروست بوو و ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشەکردندا. بوە هۆی ئەوەی کە هەستی توندوڕەی لە نەوەکانی دواتریان زیاتر و زیاتر گەشەبکات(الخواجە،٢٠٠٣: لا ٧ -٨ ).
لەم بارەوە د.علی قەرەداغی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهانی دەڵێت: توندڕەوی ئایینی لەسەدەی (٢٠ ) لە مصر سەری هەڵدا، لە ساڵانی (٥٠) کاندا دوای ئەوەی کۆمەڵە ئیسلامیەکان کەوتنە بەندیخانەکان، توشی ئەشکەنجە و سوکایەتی پێکردنێکی زۆر بوون. ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆیکردە سەر کۆمەڵێك گەنجی دەمارگیر و بووە هۆی ئەوەی لەناو بەندیخانەکاندا پەرەبدەن بە هزری تکفیر و کۆچکردن، تا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی کافرە و واجبە لەسەریان کۆچ بکەن و لەگەڵ هاوبیرەکانیان بەیەکەوە لەشوێنێك کۆببنەوە و دوای ئەوەی هێزی پێویستیان هەبوو و بوونە خاوەنی دەسەڵات، دەست بکەن بە هێرشکردنەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە تکفیریان کردبوون و هیجرەتیان تێدا کردبوو و دەست بکەن بە فتوحاتی ئیسلامی. هەندێك لە هەڵگرانی ئەم فکرەیە هەر لە ناو بەندیخانەکان پەشیمان بوونەوە، لە ژێر کاریگەری قسەکانی مورشیدی عامی ئیخوان مسلمین لە بەندیخانە. بەڵام بەشێکیان لەسەر ئەم فکری توندڕەویە بەردەوام بوون و کە لە بەندیخانەکان هاتنە دەرەوە کەوتنە بڵاو کردنەوەی ئەم فکرانە، ئەوەبو سەرئەنجام فکرەکە زیاتر بڵاو بۆوە و تەنها لە چوارچێوەی فیکردا نەمایەوە و کەوتنە چالاکی ئەنجامدان، یەکێك لە چالاکیەکانیان کوشتنی شێخی زهاوی بوو کە وەزیری ئەوقافی مصر بوو. هەر لەناو ئەمانە گروپێك دروستبوون ناویان لەخۆنا گروپی جیهادیەکان، کە تاڕادەیەك جیاواز بوون، گروپی جیهادیەکان باوڕیان بە کۆچکردن نەبوو بەڵام باوەڕیان بە تکفیر کردنەکە هەبوو. گومانی تێدانییە فکری توندڕەوی لە تکفیرە و دەڕوات بەرەو تفجیر،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتا یەکەم جار کافری دەکات دواتر دەیکوژێت و کوشتنی بە حەلال دەزانێت. بەدرێژای مێژوو ئەوە نەسەلمێندراوە کە لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د خ) هیچ کەسێك کوژرابێت لەسەر ئازادی ئایینی. گومانی تێدانیە فکر چ راستبێ چ چەپ بێت، ڕاستی و دروستی تەنها لە ڕێگای فیکرەوە دیاری دەکرێت. بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم توندڕەوی ئایینیە چەند زانایەکی گەورەی ئەوکات وەکو (شێخ شعراوی و شێخ غزالی) کە ئەمانە کەسایەتی ئایینی دیاری نێو کۆمەڵگای مصری بوون، دەچنە ناو بەندیخانەکان بەمەبەستی گفتوگۆ کردنێکی زانستیانە لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت لەگەڵ ئەوانەی لە بەندیخانەکاندا بوون بەتاوانی بیری توندڕەوی. ئەم کارە دەرئەنجامێکی زۆر باشی لێکەوتەوە بەشێکی زۆر لە بەندکراوان باوەڕیان هات بەوەی کە ئەوان تەنها لە بەشێکی ئایینی ئیسلام تێگەیشتوونە نەك لە هەمووی و پەشیمان بوونەوە لە فکری توندڕەویی ئایینی (قەرەداغی،٢٠١٤،سیمپۆزیۆم).

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین لەسەرەتادا توندڕەوی ئایینی لەدەرئەنجامی زوڵم و ئەشکەنجە و بوارنەدان بەدەربڕینی بیروڕای جیاواز دروست بووە، بۆیە دەکرێت ئەم هۆکارانە دووبارە لە هەر شوێنێك بێت ببنەوە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی بەتایبەتی لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا زیاتر ئەم دیاردەیە دەبینین بۆ نموونە مصر و لیبیا و عێراق و زۆرێك لە وڵاتانی تری عەرەبی.

**٢-٣دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان**

سەرەتا دەبێ ئەوەمان لەیادبێت کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەوە فرە پێکهاتەبووە کە لە چەندین پێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکارێك بۆ دروست بوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیەکەشی یارمەتیدەر بووە بۆ دروستبوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە ناوچەکە. بەڵام شێوازی تێگەیشتن و پابەند بوونی کۆملگای کوردی بە دەقە ئاینییەکان شێوازێکی سۆفی گەرایی بووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین توندرەوەی ئاینی لەنێو گەلانی تورك و عەرەب وفارس مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەڵام لەنێو گەلی کوردا دەمارگیری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توندرەوی ئایینی بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی نەبووە. باب و باپیرانمان هەمیشە ئاینی ئیسلامیان سۆفیانە وەرگرتووە و ئایینی ئیسلام لای تاکی کورد هەمیشە پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان بووە.

لەم بارەوە جەمال حسین شارەزا لە فکری ئیسلامی و گروپە ئیسلامییەکان پێی وایە کە کۆمەڵگای کوردی بەبەراورد لەگەڵ سوننەی عەرەبی عێراقی کەمتر ئامادەگی تێدایە بۆ وەرگرتنی توندڕەوی ئایینی، نەك لەبەر ئەوەی کورد باوەشێکی بەسۆزبێ بۆ قبوڵکردنی فرە ئایینی بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی کە کورد کێشەی نەتەوەیی هەبووە، زیاتر کێشەکانی خۆی بە نەتەوەیی دەبینێت. بۆنموونە کاتێك فکرەی داعش لە لایەن کوردەوە قەبوڵناکرێت لەبەر ئەوەیە کە کورد پێی وایە کە کێشە نەتەوەییەکانی خۆی لەرێگای وانەوە ناگاتە ئەنجامێکی باش، کورد ئەم ویستەی لەناو داعش بەدیناکات. هەروەها لە کۆمەڵگای کوردیدا دوو شێواز لە تێگەیشتن لە ئایین یاخود بڵێن دوو ستایلی دینداریمان هەیە:

یەکەمیان: شێوازێ سۆفیگەرییە، دەبینین زۆرێك لە کەسایەتییە گەورەکانی وەکو مەلای جزیزی و خانێ و محوی و نالی و سالم و حاجی قادر هتد... ئەمانە هەم مەلا و پیاوی ئایینی بوونە هەم شاعیر و رووناکبیری سەردەم بوون. ستایلی دووەم : کە زیاتر لە دوای ساڵانی (٨٠) کان هاتە نێو کۆمەڵگای کوردی کە ئەویش شێوازی فقهی وەهابیە،کە جگە لە لۆژیکی حەلال و حرام زیاتر نازانێت، دوورە لە لایەنی رۆحانی، ئەم فۆرمەش هەنگاو بەهەنگاو تەشەنەیکرد و شوێنی خۆی کردیتەوە لە نێو کۆمەڵگادا. بەڵام بەشێوەیەکە جگە لەوانەی باسمانکرد و بەتایبەت دوای رووخانی داعش شانسی گەشەکردنی بیری توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان لاوازە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ مەترسییەك نییە لەسەر هاتنی ئەم فکرە، بۆیە پێویستە رۆشنبیران و حکومەت و بەتایبەتی پیاوانی ئایینی رۆڵی خۆیان بگێرن بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەم فکرە. (رووداو،٢٠١٨،دیبەیت).

هەر لەم بارەیەوە قەشە القس ایشا داود پاستۆری کڵێسای مارکوس لە شاری هەولێر، باوەڕی وایە کە توندڕەوی ئایینی لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربڵاوە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە کراوە نین. کاتێك سەیری توندڕەویی ئایینی لە ناوچەکەدا دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە وەك کۆمەڵگاکانی تری ناوچەکە دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە. بەڵام بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەورەوبەرمان رێژەکەی لەئاستێکی نزمدایە، جێگای دەست خۆشییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەنی ڕەسمی یان حکومییەوە حکومەت لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی توندڕەویی ئایینی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری یەکترقبوڵکردنە. بەڵام بەبڕوای من لە لایەنی حیزبی، بۆ نموونە حزبە ئیسلامیەکان لە هەرێم، لەئەگەری بەهێزبوونی دەسەڵاتیان دەبنە جۆرێك لە مەترسی و بۆیە لە ئێستادا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ پشتگیری لە توندڕەوی ئایینی ناکەن. هەروەها لسەر ئاستی لایەنی کەسی یان تاکەکان، هەندێك جار جۆرێك لە ووتاری توندڕەوی دەبینین، بۆ نموونە لە کاتی ووتاری هەینیدا، کە ئەم حالەتە چەندین جار بۆتە هۆی دوورخستنەوەی ووتار خوێنەکان لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف. هەروەها هەندێك جار لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە جۆرێك لە ووتاری توندڕەو دەبینین. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دیاردەی توندڕەویی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەیە و ناتوانین بەشێوەیەکی ڕەها بڵێین بوونی نییە، بەڵام کاتێك بەراورد بکرێت بە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بۆ مان دەردەکەوێت کە دیاردەکە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکەی زۆر کەمترە (داود، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

بە گەڕانەوەمان بۆ مێژوو و وردبوونەوەمان بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان دەتوانین پێشبینی بکەین بۆ داهاتووی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان کە بە ئەگەری زۆرەوە ئەم دیاردەیە بەرەو کاڵبوونەوەی زیاتر دەچێت، چونکە هیچ زەمینەیەکی لەبار نادۆزینەوە بۆ گەشەکردنی ئەم دیاردەیە. بێزراوی ئەم دیاردەیە بۆتە خاڵێکی هاوبەشی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان و سیمایەکی شارستانی جوانی بەخشیوەتە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان.

**٤-٢ پێکە وە ژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

لەم سەردەمەی ئێستادا ئەستەمە نەتەوەیەك یان گروپێکی ئایینی یان حیزبە سیاسییەکان و تەواوی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بتوانن بە بێ بنەمای پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکدا لە سنووری ناوەخۆی خۆیاندا هەڵبکەن و پێکەوە بژین. دەتوانین بڵێین تەواوی کۆمەڵگاکان لە پەیوەندیەکی بەردەوامدانە. ئەم پەیوەندیانەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش داڕێژراوە. جا ئەو چوارچێوەیە سیاسی یان ئابووری یان ئەمنی و یان کۆمەڵایەتی یانیش فەرهەنگی و کەلتوری بێت. چونکە پێکەوە کارکردن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەی گروپ و کۆمەڵ، کۆمەڵگاش بەتەواوەتی لەم دونیا پڕ جەنجاڵی و بەرژەوەندی پەرستییە، هەموومانیان ناچار کردوە کە پێکەوە و لەناو چوارچێوەی گروپی گەورە و بەهێز و یەکگرتوودا کاربکەین، مەبەستمانە بڵێین رۆحی هاوکاری لە پەیوەندی نێوان نەتەوەکان زاڵە بەسەر نەفسیەتی ململانێ و دژایەتی( موهە ندیس ، ٢٠٢٠ ، لا ١).

دەبینین هەرێمی کوردستان لەڕووی پێکهاتەوە فرە پێکهاتەیە و بە هەمان شێوە لە ڕووی ئاینییشەوە فرە ئایینە، ئایینی ئیسلام ئایینی زۆرینە دانیشتوانە کە بەنزیکەی لە ٩٦٪ خەڵکەکەی موسڵمانن، کە ئەوانیش دابەش بوونەتە سەر دوو مەزهەبی جیاواز کە بریتیین لە مەزهەبی سوونە و شیعە. لەبەرامبەردا کۆمەڵێك ئایینی تر هەن کە بەهۆی کەمی ژمارە و پەیڕەوانی بە کەمینە ئاینییەکان ناو دەبردرێن. بە گشتی نەخشەی کەمینە ئاینییەکان دابەشکراوە لەنێوان کەمینەکانی سەر بە سابیئەی مەندائی و کاکەییەکان (یارسان) و ئێزدییەکان و شەبەك و بەهایی و زەردەشتییەکان، لەگەڵ بوونی جولەکە و مەسیحییەکان کە لە کوردستاندا مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە. مێژوو شاهێدی ئەمەیە کە هەرێمی کوردستان هەر لە کۆنەوە باوەشێکی بەسۆز بووە بۆ لە خۆگرتنی کەمینە ئاینیەکان، دەتوانین بڵێین جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی پلۆرالیزمی ئایینی و ڕۆلیان لە بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی نێوان ئاینەکان هەمیشە بۆتە بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی ستراتیژیەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان، هەمووکات کاریان کردووە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە، کەمینە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان لە کابینەکانی حکومەتدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەژدار بوونە و زۆربەی کات پۆست و پلەی باڵایان هەبووە( التحریر ، ٢٠١٨،لا ٢).

هەر لەبەر ئەوەش، لە تەواوی جیهان هەرێمی کوردستان بە شوێنێکی ئارام نموونەیەکی جوان بۆ پێکەوەژیانی ئایین و پێکهاتەکان ناوی دەرکردووە .ئەگەر لەڕووی یاساییەوە سەیری بابەتەکە بکەین دەبینین کە بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی یاسادانان بە چەند بڕیار و یاسایەك توانیویەتی مافی ئەم پێکهاتانە دەستەبەر بکات و پشکداریی کارایان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هەبێت. ئێستا ئەوان بە فەرمی لە دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەریی هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵیان هەیە. پەرلەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە بەرزترین دەزگای یاسادانانە (١١) کورسیی کۆتای بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان تەرخان کردووە، بەم شێوەیە ( 5) کورسی بۆ تورکمان و (٥ )کورسی بۆ مەسیحی و (١) کورسی بۆ ئەرمەنەکان. برگەی (١) ی ماددەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی ڕۆژی (2015/٤/٢١)دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەیدا: یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٥) بە ناوی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان. هەروەها لە دیباجەی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بە مافی ئەو کەسانەی ئینتیمایان بۆ نەتەوە یا گرووپ یا پێکهاتەی ئایینی و زارەکی هەیە کە بە بەناوبانگترین بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەو بوارە دەژمێردرێت، هاتووە: قووڵکردنەوە و پاراستنی مافی ئەو کەسانەی کە ئینتیمایان هەیە بۆ نەتەوە، یان گرووپ، یان پێکهاتەی ئایینی، هاوکار دەبێت بۆ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین. یاسای نێودەوڵەتی گرینگی بە مافی پێکهاتەکان دەدات، بوونی چەندین ڕێککەوتننامە و بەڵگەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەم بوارە ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت . لێرەدا ڕۆڵی یاسادانەری نیشتمانی پەرلەمانی کوردستان بەدەردەکەوێت لە گواستنەوەی دەقە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی پێکهاتەکان بۆ سیستەمی یاسایی هەرێمی کوردستان. ئەگەر واقیعی پێکهاتەکان لەژێر ڕۆشنایی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا هەڵبسەنگێنین دەبینین کەدەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کردەیی دانیناوە بە مافی پێکهاتەکان، لە ڕێگای دەرکردنی کۆمەڵێك یاسا بۆ زامنکردنی مافەکانیان ( باعەدری ،٢٠٢١،لا٢ ).

پێکهاتەکان تارادەیەك لەڕووی جوگرافیەوە سنوورێکیان هەبووە، بەڵام لە ئیستادا ئەمە زۆر کاڵبۆتەوە. بەڵام کەم تا زۆر لە هەندێك شوێن بوونی ماوە بەتایبەتی لە گوندەکان بۆ نموونە سفەیە گوندێکە لە نزیك قەزای خەبات کە دانیشتوانەکەی کاکەیین هەروەها دەبینین لە هەولێر زۆربەی مەسیحییەکان لە عنکاوە نیشتەجێ بوونە، لەنێو شارەکاندا ئەم حاڵەتە بوونی کەمترە. هەڵەبجە هەر لە کۆنەوە بە شوێنی پێکەوەژیان ناسراوە، لەکۆندا جولەکە و مسوڵمان پێکەوە ژیاون و لە ئیستاشدا کاکەیی و مسوڵمانەکان پێکەوە لەوێدا دەژین و بۆنە و مەراسیمەکانیان یاد دەکەنەوە . هەڵەبجە- کوردستان بەو

پێیەی بەشێکی ناوچەی میزۆپۆتامیا پێکدەهێنێت، بەردەوام ئایینە جیاوازەکان لە ناوچەکەدا هەبوون، لەگەڵ ئەوەی حکومەت و دەسەلات هەمیشە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئاینەوە کۆمەڵگە دژایەتی یەکدی بکەن و ببنە مایەی شەڕ و ئاژاوە، بەڵام کۆمەڵگە بە پێکەوە ژیان وەڵامی داوەتەوە. لە پارێزگایەکی وەك هەڵەبجە کە چەندین سەدەیە شوێنی نیشتەجێبوونی کاکەیی و موسڵمانەکانە و پێکەوە ژیان دەکەن، کاکەییەکان بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندەکانیان پێکدەهێنا، بەڵام پاش ڕاگواستنی گوندەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، کاکەییەکان لە کۆمەڵگەی عەنەب نیشتەجێ کران. مێژوو ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە کوردستان شوێنی پێکەوە ژیانی ئایین و کلتورە جیاوازەکان بووە، لەکۆنەوە لەگەڵ موسڵمانەکان کاکەیی و جووەکان ژیاون، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٤٨) ەوە جووەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهان گەڕاونەتەوە ئیسرائیل و تاوەکو ئەمرۆش گەڕەکەکانیان ماونەتەوە. گیانی یەکتر قەبوڵ کردن بۆتە هۆی ئەوەی کە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو تایبەت بە کەمینە ئایینیەکان بوونی زۆر کاڵ بێت و تێکەڵاوی تەواو لە ناو سەنتەری شارەکان دروستبێ، لە ئیستاشدا تەواوی پێکهاتە جیاوازەکان لە شارەکان لەگەڵ موسڵمانەکان پێکەوە دەژین (کاکەیی، ٢٠٢١ ،لا).

ئەم پێکەوەژیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆتە مایەی شانازی پێکردنی لەلایەن سەرکردەکانەوە و باسکردنی لە بۆنەکانی تایبەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ. بۆ نموونە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لە چەندین بۆنەی تایبەت بە پرسەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە پێویستە بە پێی یاسا ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بگیرێت و مافی هەموو کەس پارێزراو بێت و هیچ کەسێك بۆی نەبێ لە سەروی یاسا بێت، هەموو مرۆڤەکان پێویستە یەکسانبن لەبەردەم یاسا. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی نامەیەکی خاتوو دانیال میتران گوتویەتی: (بە هەلی دەزانین بەرێزتان دڵنیا بکەینەوە کە لە کوردستان ئێستا یاسا سەروەرە و ڕێگە نادرێت پێشێلی مافی هیچ هاوڵاتییەك یان گروپێك بکرێت لەسەر ڕەچەڵەکی ئەتنی یان باوەڕی ئایینی، پرەنسیپەکانی دیموکراسی کە لە کوردستان پەیرەو دەکرێن گەرەنتین بۆ پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکانی کوردستان. ئێمە بەردەوامیین لە پەیرەوکردنی هەموو ڕێگەیەکی شارستانییانە بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکان لە کوردستاندا، بەو شێوەیەش بناغەی کۆمەڵگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێمان پتەوتر دەکەین و هیوای نەوەکانمان بەرەو دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالی یەکگرتوو بەدی دەهێنیت.) (بارزانی،٢٠١٥،ل١٥)

کەواتە کەمیەن ئایینییەکان کە بەهۆی کەمی ژمارەی پەیرەوانیان بە کەمینەکان ناوبراون، هەر لە کۆنەوە لە کوردستاندا لەگەڵ مووسڵمانەکان و مسیحی، کاکەی، کلدانی، ئاشوری، یزیدی، شەبەك، و جوو هەموو ئەم ئایینە جیاوازانە بەیەکەوە ژیاون و دووچاری توندڕەوی ئایینی نەبوونەتەوە. بە پێچەوانەوە ئاستی پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا لە ئاستێکی باڵادابووە و شایەنی ئەوەیە کە باسبکرێت و شانازی پێوەبکرێت. هەروەها جێگەی ئاماژە پێکردنە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا سەرباری ئەم هەموو کێشە و گرفتانەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەر بووە هەمیشە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان جەختیان لە پاراستنی مافی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کردۆتەوە، لە هیچ قۆناغێکدا ململانێ سیاسییەکان نەبونەتە هۆی زیان گەیاندن بە مافە سەرەکییەکانی پێکهاتە جیاوازەکان.

**٣- لەباری و نا لەباری زەمینەی هەرێمی کوردستان بۆ گەشەکردنی دیاردەی توندڕەوی.**

دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان زەمیەنەیەکی لەبار نییە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی بەگشتی و توندڕەوی ئایینی بە تایبەتی. بەدرێژایی مێژوو هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی زۆر لەبار بووە بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئایینە جیاوازەکان. ئەمەش بۆتە سیمایەکی جوانی پێکەوە ژیانی پێکهاتە و ئایینی جیاواز لە هەرێمی کوردستان.

**١-٣ زەمینەی هەرێمی کوردستان تاچەند لەبارە بۆ لە خۆگرتنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی.**

بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی کۆمەڵگای کوردی فاکتەرەکانی دیاردەی توندڕەوی بەگشتی و توندڕەوی ئایینی ئەو دەرفەتەیان نەبووە کە بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر و بەهێز لەناوچەکەدا دەربکەون. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك. لە هەر کۆمەڵگایەك بەرزی و نزمی ڕێژەی توندڕەوی دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی فاکتەرەکانی توندڕەوی و کارییگەریان بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخۆگرتنی دیاردەی توندڕەوی. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. دەربارەی دیاردەی توندڕەوی ئایینی ئەبوبکر کاروانی ئاماژە بە دوو فاکتەری سەرەکی دەکات کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی زەمینەیەکی لەبار نەبێت یاخود کەمتر زەمینەیەکی لەباربێت بۆ ئەوەی توندڕەوی و کرداری توندڕەوانی وەکو تیرۆری تێدا ئەنجام بدرێت. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دینداری کوردی، دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کێشەی کوردە لە ڕووی نەتەوەییەوە. سەبارەت بە فاکتەری یەکەم جۆری دینداری دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای ئێمە بە بەراورد بە کۆمەڵگاکانی تری دەورووبەری کەمترین ئامادەیی توندڕەوی تێدایە. جۆری پابەند بوونی کۆمەڵگای کوردی بە ئایین و جۆری کارلێکی کورد لەگەڵ یایینی ئیسلامدا بەجۆرێکە کە ئیسلامەکی لێبوردەیە و ئیسلامێکی توندڕەو نییە واتا ئیسلامێکی میانرەو بووە. مێژووش شاهێدی ئەمەیە کە زۆر کەم پێکدادان و گرژی لەسەر ئایین ڕوویدابێ. بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا زەق بۆتەوە، جۆری ڕێبازە تەسەوفییەکانە. لە گوندێکی کوردیدا موسڵمانێك و مەسیحییەك و جوولەکەیەك زۆر بە ئاسانی و بێ کێشە بەیەکەوە ژیاون. کەواتە جۆری دینداری کوردی بەرهەم هێنەری ئیسلامی توندڕەو نەبووە . جگە لەمەش کورد دەوڵەتی نەبووە و ئەوەی تێیدا زاڵبووە گوتاری ناسیۆنالیستییە. زاڵبوونی گوتاری ناسیۆنالیستی بۆتە هۆی ئەوەی کە بابەتی ئیسلامی و عەلمانی کەمتر ببێتە باس و خواسی ناوکۆمەڵگای کوردی. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستانیش وەك هەر کۆمەڵگایەکی تر ئەگەرەکانی دەرکەوتنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی تێدا دەبینرێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر کەم کێشەی ئایین و ناسنامەی ئایینی بوەتە هۆی ناکۆکی ناوەخۆیی. هەروەها ئایین لە زۆربەی جومگەکانی ناوکۆمەڵگادا زیاتر بە شێوەیەکی ناتوندوتیژی بوونی هەبووە و زیاتر هەڵگری پەیامی پێکەوە ژیان بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد کەمتر ئامادەگی ئەوەی هەبێت لەسەر ناسنامەی ئاینی هانا بۆ توندوتیژی ببات ( یوسف و محمد، ٢٠٢٠ ،لا ٩ -١١).

هەر لەسەر ئەم باسە لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ د.بەسیم عیسا مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی صەلاحەدین، ناوبراو وەکو هاوڵاتیەکی مەسیحی ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنی و دەڵێت بەردەوام حکومەتی هەرێم کاریکردووە بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی گونجاو کە تیایدا

هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بتوانن تیایدا بژین بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ جۆرە کێشەوگرفتێك بىن، و دەرئەنجام ئەم کارانە زۆر بەشێوەیەکی ئەرێنی دەبینرێت لە ناوچەکەدا بۆ نموونە ئێمە وەکو مەسیحیەکان چەندین ساڵە لەگەڵ ئایین و پێکهاتە جیاوازەکاندا لە کوردستان پێکەوە دەژین و ڕووبەڕووی هیچ حالەتێك و دیاردەی توندڕەوی ئایینی نەبوووینەتەوە کە شایەنی ئەوەبێت باسکرێت و گرینگی پێبدرێت. ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین دیاردەی توندڕەوی ئایینی هیچ بوونی نییە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەتوانین ئەوەبڵێین کە هەبوونی ئەم دیاردەیە لەم ئاستەدا نییە کە بیرێکی جددی لێبکرێتەوە واتا ئەگەر هەشبێت لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. لە ڕابردوودا بەهۆی هەبوونی گروپە چەکدارییە ئیسلامیەیکان تاڕادەیەك زەمینەیەکی لەبار هەبوو بۆ دیاردەی توندڕەوی ئایینی بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا زەمینەکە هیچ لەبار نییە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا.(د.عیسا بەسیم، چاوپێکەوتن).

لە دەرئەنجامی خوێندنەوە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەندین کەسایەتی جیاواز لە ڕووی ئایین و هزری. دەتوانین ئەوە بڵێین کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە خاوەنی کەلتورێکی جوانی پێکەوەژیانە. ئەمەش بەردەوام بۆتە ئاستەنگێك لەبەردەم کەس و گروپە توندڕەوەکان کە نەتوانن تیایدا کۆ ببنەوە و چالاکی ئەنجام بدەن و گەشەبکەن.

**٢-٣ شێوەکانی دەرکەوتنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.**

دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگاکاندا بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ، لێرەدە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەدەین کە بریتیین لەمانە:

١- یەکێك لە شێوە هەرە باوەکانی بریتییە لە بەهەڵە تێگەیشتن لە دەقە ئاینییەکان، و باوەڕبوونێکی ڕەها و کوێرانە بە یەك بیروڕا و ڕەتکردنەوەی هەموو بیروڕاکانی تر، بەتایبەتی لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە (اجتیهاد)، ئەم هەڵەتێگەیشتنە لە بابەتەکانی پەیوەست بە اجتهاد دەبێتە هۆی ئەوەی

کەسەکە توندڕەوبێت و جگە لەوەی کە خۆی باوەڕی پێی هەیە هیچ بیروڕایەکی تر قەبوڵ نەکات، و دەگاتە ئەو ڕادەیە کە وادەزانێ هەموو خەڵك لە تاریکی و نەزانیدا دەژین و تەنها ئەو لەسەر ڕێگای ڕاستە.

٢- بەڕاست زانینی و پیرۆزکردنی یەك کەس یان گروپ: بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دادەنرێت هەروەك دکتۆر یوسف قەرضاوی دەڵێت: یەکەم ئاماژەکانی توندڕەوی بریتییە لە لێنەبوردەیی و قەبوڵنەکردنی بیروڕا . واتا دان بە بوونی ئەوانی تردا نانێت، و توندبوونی مرۆڤ لە تێگەیشتنیدا ڕێگەی پێنادات ڕاستییەکان ببینێت. کە ئەوەش پەنجەرەیەك بۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسانی تر ناکاتەوە. وا لەکەسەکە دەکات لەسەر ئەم بیروبۆچوونە جێگیربێت و هیچ بیروبۆچوونێکی تر بەڕاست دانەنێت. هەروەها تەنها ڕێگا بە تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی ئەو کەسە یان ئەو لایەنە دەدات کە خۆی باوەڕی پێی هەیە.

٣- نەبوونی سەرچاوەیەکی هاوبەش، لەلایەن هەڵگرانی بیری توندڕەوی ئایینی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە کاتی دەرکەوتنی خەواریجەکان، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕێکنەدەکەوتن لەسەر سەرچاوەیەکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە بیروبۆچوونێکی هاوبەش. هەڵگرانی ئەم فکرە بەهیچ شتەك ڕازی نەدەبوون کە دادوەریان بکات و بگەونە بیروبۆچوونێکی هاوبەش نە بەقورئان نە بەمەزهەبێك یان کتێبێك یان کەسێك. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەعێك. یان نەبوونی خاڵێکی هاوبەش، لە هەرێمی کوردستان مەرجەعێکمان نییە لە کاتی هەبوونی کێشە و جیاوازی بۆچوونەکان بۆی بگەڕێینەوە و کێشەکانی تیادا چارەسەر بکەین. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە مصر ئەزهەر بوونی هەیە لە سعودیا فتوا هەیە. بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە شتێك نییە بتوانێت کێشەکان چارە سەربکات و خەڵك گوێڕایەڵیان ناکات یاخود باشترە بڵێین زۆر کەم کوێڕایەڵی دەبن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە لە نێوان لیژنەی فتوا و خەڵك. ئەمەش کاریگەری زۆر خەراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا وادەکات خەڵك پەرتەوازەبێت و جیاوازییە هزرییەکان زیاتربن و خەڵك بۆ وەڵامی پرسەکان ڕوو لەکەسانی نەشارەزابکەن، سەرئەنجام دەبێتە پاڵنەرێك بۆ سەرهەڵدانی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگادا (.گەردی،٢٠٢٢،چاوپێکەوتن).

٤- شێوەیەکی تر لە شێوەکانی توندڕەوی ئایینی بریتییە لە توندڕەوی پەرچەکرداری، واتا توندڕەوی لە ئایینێك دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی لە ئاینێکی تر توندڕەوی بوونی هەیە. بۆ نموونە دروست بوونی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەرامبەر بە شوعیەت، بۆ نموونە ڕێکخراوی ئیسلامی القاعیدە. هەروەها دروست بوونی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە بۆسنا بەرامبەر بەگروپە مەسیحییە توندڕەوەکانی سربیا.

٥- یەکێك لە باوترین و ترسناکترین دەرکەوتەکانی توندڕەوی ئاینیی بریتییە لە ئایدۆلۆژیای تکفیری لە کۆمەڵگای مووسڵماناندا،هەڵگرانی ئەم ئایدۆلۆژیایە خەڵك بەرەو توندڕەوی دەبەن و خوێن وماڵیان بەڕەوادەبینن، ( حەلال).

٦- شێوازێکی دیکەیان بریتییە لە توندتیژ بوون لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵك، واتا بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری ستایلێکی توندوتیژ و دوور لە میهرەبانین، و باوەڕیان بە دیالۆك و ڕێزگرتن لە بیروڕای کەسی بەرامبەر نییە(الخواجە، ٢٠٠٣،ل٢٠-٢١).

لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە هۆکاری جیاوازی هەیە بۆیە شێوازی دەرکەوتنیان هەمە چەشندەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت کۆمەڵێك هۆکار باسبکەین کە لە زۆربەی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەم دیاردەیە، بۆ نموونە بە هەڵە تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکان و تەفسیرکردنیان بەگوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی بەمەبەستی برەودان بە چالاکییە سیاسییەکانیان. هەروەها پیرۆزکردنی کەسایەتییە ئاینییەکان، ئەمانە لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا بوونەتە هۆکاری دروست بوونی ئەم دیاردەیە و بەچەندین شکڵ و شێواز دەردەکەون لە کۆمەڵگادا.

**٣-٣ مەترسی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.**

یەکێك لە هۆکارەکانی گرینگیدانی زۆر بەم بابەتە لە ئێستادا لەلایەن توێژەران لە سەرئاستی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسییەی کە ئەم دیاردەیە درووستیکردوە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا. بێگومان کۆمەڵگای ئێمەش بێبەش نەبووە. هەروەك ئاماژەمان پێدا دیاردەکە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا بوونی

هەیە، بەڵام بەڕێژە و شێوازی جیاواز، خۆشبەختانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەڕێژەیەکی زۆر کەم دەبینرێت.

لەسەر ئەم باسە چاپێکەوتنمان لەگەڵ چەند مامۆساتیەکی زانکۆ ئەنجامداوە کە هەڵگری هزرو ئایینی جیاوازن. بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ د. سەلام حکیم مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی سۆران و وەکو مامۆستایەکی مەسیحی لە کۆمەڵگایەکی زۆرینە مووسڵمان، ئاماژەی بەوەکرد کە، سەرەتا ئەگەر هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بە توندڕەوی ئایینی دەبینین لە ڕەشنووسی دەستوور و ڕێنمایی گشتی ئازادیەکی زیاتری داوە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بۆ پەیڕەویکردن لە بیرو باوەڕە و بۆنە ئاینییەکانیان. جێگای داخە کە هەندێك جار دەبیستین پیاوێکی ئایینی بە شێوەیەکی توندڕەوانە بەرامبەر بە ئایینەکانی تر قسەدەکات بەڵام ئەمە تەنها بیرو بۆچوونی خۆیەتی و کاریگەری و مەترسی نابێت. کەواتە دەتوانین بڵێین تاوەکو ئێستا دیاردەی توندڕەوی ئایینی نەبۆتە مەترسی لە سەر هەرێمی کوردستاندا. بێگومان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حکومەتی هەرێم و کەلتوری یەکتر قبوڵکردن لەناو خەڵك، کە بۆتە سیمایەکی شارستانی جوان، ئەوکاتە ئەم دیاردەیە دەبێتە مەترسی لەسەر هەرێم کە ئەم کەلتورە لاوازبێت و حکومەتیش لەم سیاسەتەی ئێستای بەردەوام نەبێت( حکیم،٢٠٢٢،چاوپێکەوتن).

هەر پەیوەست بەم بابەتەوە د.عەرەفات کەرەم ستوونی پسپۆر لە بواری هزری ئیسلامی باوەڕی وایە کە توندڕەوی ئایینی بەردەوام مەترسییە، هەرکات ئایین بوونی هەبێ توندڕەوی بوونی هەیە و لەگەڵیدایە، چونکە ئەم توندڕەویە تێگەیشتنە بۆ ئایین. توندڕەوی لە یەهودی و مەسیحی و ئیسلامدا بوونی هەیە. بۆیە دەبێ ئایین لە مرۆڤ ئازادبێ نەك مرۆڤ لە ئایین ئازادبێت، ئایین لە مرۆڤ ئازادبێ واتا هەرکەسێك بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی تەفسیر نەکات بۆ دەقەکان. مێژووی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان کۆن نییە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، کەئەمەش زیاتر بەهۆکاری ئابووری بوو، هەروەك (ماکس ڤێبەر دەڵێت) کە کۆمەڵگا هەژار بوو و بێکاری زۆر بوو ئیتر کۆمەڵگا زیاتر بەرەو دینداری دەڕوات و تاچەند بەرەو دینداری زیاتر بڕوات توندڕەوی زیاتردەبێت. بەپێچەوانەوە پێشکەوتنی کۆمەڵگا وادەکات خەڵەك کەمتر توندڕەوبێت. بابەتی توندڕەوی ئایینی هەڵەیە ئەگەر پەیوەست بکرێت بە یەك ئایین بۆ نموونە بەئایینی ئیسلام، توندڕەوی ئایینی لە هەموو

ئایینەکاندا بوونی هەیە، هەتا لە ئایینی بودیزمدا توندڕەوی بوونی هەیە لەساڵی (٢٠١٨) شەش کەس بە تاوانی توندڕەوی ئایینی لە سێدارەدران لە یابان. لەبەرامبەر ئەم بۆ چوونەدا بە پێچەوانەوە د. ئیدریس کاریتانی شارەزا لە فکری ئیسلامی، باوەڕی وایە لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوو کە جیهانی ئیسلامی بەگشتی کەو تۆتە بەر دەیان شاڵاوی فکری وگۆڕانکاری، هەرێمی کوردستان بە جێگیری ماوەتەوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشەنبیری خەڵك و مامۆستایانی ئایینی و بەشێك لە ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لەم سەقامگیرییە. چەند حالەتێکی زۆر زۆر دەگمەنی توندڕەوی ئایینی لە کوردستان ڕوویداوە کە ئەویش هەر ناخوێندرێتەوە، ئەگەر بەراورد بکەین بە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا یان ئەڵمانیا ژمارەیەکی زیاتر هاوڵاتییان هەبووە لە نێو ئەم ڕێکخراوە، کەچی هەرێمی کوردستان کە سنووری لەگەڵ داعشدا هەبووە و شەڕی لەگەڵدا بووە، تەنانەت کوردستان هەرێمێکە و کۆمەڵێك گرفتی سیاسی و ئابووری هەیە ئینجا دەبینین کاریگەری ئەم فکرە لە نێو کۆمەڵگای کوردی زۆر لاوازە و ژمارەیەکی کەم لە گەنجەکان چوونەتە ڕیزەکانی داعش، و ئەوەشی هەیە گەورە کراوە بەمەبەستی ئەوەی پەڵەیەکی ڕەش بخەنە سەر مزگەوت و مەلا و ئیسلام، ئەگەر بگوترێت لە هەرێمی کوردستان بزوتنەوەی توندڕەوی ئایینی دروست بووە ئەوە زیادەڕۆییکردنە. هەموو ئەوانەی بەفەرمی ووتار بێژن لە هەرێمی کوردستان بە گشتی ئاراستەیەکی ئایینی و نیشتیمانیان هەیە، حاڵەتی زۆر زۆر دەگمەن هەیە کە لەم ئاراستە ئایینی و نیشتیمانییە دەرچووبێت (ڕووداو،٢٠١٨،دیبەیت ).

لەسەر هەمان تەوەر ڕۆژنامە نووس و چالاکوانی مەدەنی لەشاری هەولێر هێمن محمود مصطفی کاکەیی دەڵێت هەر جۆرێك لە جۆرەکانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی کاریگەی دەبێت لەسەر پێکهاتەکان بەتایبەت ئەو پێکهاتانەی ژمارەیان کەمە، چونکە دواجار هەر ئەوان دەبنە قوربانی لێکەوتەکانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی، و زۆربەی جار ئەم توندڕەوییە دوولایەنە دەبێت لە نێوان دوو یان چەند ئایینێکدا دەبێت .یەکێك لە شێوەکانی توندڕەوی ئایینی کە لە ئیستادا لە کوردستان پەیدا بووە ئەو مەلایانەن کە بەشێوەیەکی فەرمی لە وەزارەتی ئاوقاف دانەمەزراون، ئەم مەلایانە زیاترلە ڕێگای سۆشیالمیدیاوە دەردەکەون و لە گوندەکان بوارەکەیان زیاتر بۆ فەراهەم بووە لە مزگەوتەکان بە ئاشکرا دەردەکەون و هەندێك جاریش لەڕێگای پرۆگرامەکانی تەلەفیزیۆن دەردەکەون، و لە

قسەکانیان زۆر جار ناوی کەسەکان و تەنانەت ناوی ڕەمز و پێکهاتەکانیش ئاماژە پێدەدەن، ئەمانە بوونەتە هۆی مەترسی زیاد بوونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی، ئەگەر لە ئێستادا گاریگەرییە نەرێنییەکانی نەیبینین بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەیبینین. ئەوەمان لە یاد نەچێت ئێستا بەهۆی بەربڵاوی و بەکارهێنەر و تەماشاکەری زۆری سۆشیالمیدیا، هەر قسەیەك یان حالەتێکی توندڕەوی ئایینی دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی لە تەواوی کۆمەڵگا، دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەم توندڕەوییە تەنها لە مزگەوتەکان و شوێنە ئایینیەکاندا نامێنێتەوە بەڵکو دەچێتە هەموو ماڵێکەوە. بۆیە گرینگە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی ئاوقاف و ئەو ئامرازانەی دەیگرنەبەر بۆ چاودێریکردن، چاودێری چڕی لەسەر شوێنە ئایین و کەسایەتیەکان دابنێن بەبێ جیاوازی لەبەر چاوگرتنی ئایینەکان. بۆ ئەوەی مەترسی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێم کەمتر بێت و ئەو پێکەوەژیانەی کە بوونی هەیە بپارێزرێت(کاکەیی،٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

دەربارەی مەترسی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان د.لقمان جامیعی ئەندامی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی دەڵێت: تاوەکو ئێستا هیچ دیاردەیەك لەم شێوەمان نەدیتیە ڕوویدابێت کە کاریگەری خراپی هەبووبێت لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان، بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان لە دنیای دەرەوەش بەوە ناسراوە کە باوەشێکی بەسۆزە بۆ لەخۆگرتنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان، جیاواز لە ڕووی ئایینی و نەتەوەیی. زیاد لە پێویست گەورەکردنی بابەتی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەتوانین بڵێن ئامانجی تری لەپشتە بۆ نموونە بەمەبەستی ناشرینکردنی ئایینی ئیسلام و سیمای مزگەوت و مامۆستایانی ئایینییە،لە کاتێکدا لەسەر ئاستی زانایانی ئایینی لە هەموو ئایینە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی زۆر باش لەنێوانیاندا هەیە و ڕێز لە پیرۆزییەکانی یەکتر دەگرن( جامیعی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

لە وانەیە هەریەك لە ئێمە هاوڕێیەکی هەبێت لە ئایین یان نەتەوەی جیاوازبێت یان هەڵگری هزرەکی جیاوازبێت. هەبوونی ئەم جیاوازییانە لە نێو زانکۆ و دامو دەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا زۆر بە ئاسانی دەبینرێت و هیچ کێشەیەك لە دەرئەنجامی هەبوونی ئەم جیاوازی ئایینی و نەتەوەییانە دروست نەبووە. دەبینین هەرێمی کوردستان کە زۆرینە مووسڵمانە، ئەم ڕێژە زۆرینەیە بە هیچ شێوەیەك نەبۆتە مەترسی لەسەر کەمینەیەك لە پەیڕوانی ئایینەکانیتری وەکو مەسیحی و کاکەیی و

یەزیدی هتد. کەواتە جیاوازییەکان لە شێوەی ژمارە ماونەتەوە و نە بوونەتە جۆرێك لە مەترسی کردارەکی لەسەر کەمیینەکان.

**٤-٣ پاڵنەر و ئاستەنگەکانی بەردەم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.**

کامیل محمود مامۆستای ئایینی و نووسەر و کەسایەتی سیاسی نێو کۆمەڵگای کوردی، کە ئەزموونی کارکردنی زیاتر لە سی ساڵ هەیە لەگەڵ حزبە ئیسلامیەکان، باوەڕی وایە دیاردەی توندڕەوی ئایینی دوو ڕەهەندی هەیە یەکەمیان ڕەهەندی خودییە،کە ئەم ڕەهەندە پەیوەندی بە خودی کەسی توندڕەو هەیە. دووەمیان ڕەهەندی بابەتییە، ئەم ڕەهەندە پەیوەندی بە ژینگە و زەمینەکاری ئەو گروپ و کەسانە هەیە کە بەتوندڕەو وەسفدەکرێن. پاڵنەرەکانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە چوارچێوەی ڕەهەندی خودییدا لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێدەکەین:
یەکەم: پاڵنەری یەکەم پەیوەندیدارە بە ناهۆشیاری ئایینی، ئەم ناهۆشیارییە سەرچاوەی گرتوە لە تێنەگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی ئایین، دەقگەرایی ڕواڵەتی لە ئیسلامدا نموونەی ئەم جۆرەن. واتا کەسانی توندڕەو تێگەیشتنێکی ڕواڵەتیان هەیە بۆ دەقەکا ن و ناچنە ناو بابەتی جەوهەر و مەبەستی دەقەکان، کە لە فقهی ئیسلامیدا بە مەقاسیدی شەریعە ناودەبردرێت.

دووەم: پاڵنەرێکی تری بیری توندڕەوی ئایینی بریتییە لە باوەڕ نەبوون بە بوونی بەرامبەر. لەکاتێکدا هەبوونی فرەیی لەناو کۆمەڵگادا شتێکە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، ئەم فرەییە مافێکی ئیلاهی و خودا مرۆڤەکانی بەم شێوە دروستکردوە کە فرەشێوە و فرەبیربن و فرە ئایینیشبن. کەسانی توندڕەو باوەڕیان وایە کەدەبێ هەموو مرۆڤایەتی لەسەر یەك جۆر بیر وباوەڕبێت کە ئەویش بیرو باوەڕی ئەوانە .سێیەم: پاڵنەرێکی تری بیری توندڕەوی ئایینی بریتییە لە باوەڕ نەبوون بە کەلتوری ئایینی، بۆنموونە توندڕەوە موسڵمانەکان کە مەبەستمان لەم خاڵە ئەمەیە کەسی توندڕەو لەناو کلتوری ئایینیدا تەنها دەست بۆ ئەو بەشانەدەبات کە خزمەت بە بیرو دیدگای ئەو دەکەن و خۆیان لادەدەن لەو هەموو حاڵەتە ژیاری و مرۆییانە کە لەناو کلتوری ئیسلامدا بوونی هەبووە، ئەو کلتورەی کە شارستانییەتێکی لەسەر بنیادنراوە، مەحالە لەسەر بنەمای ئەم توندڕەوییەی ئیستا بوونی هەیە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شارستانییەتێکی وەها بنیاد بنرێت. کەواتە بەبێ کەلتوری پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن ناکرێت شارستانییەتێکی وەها بنیاد بنرێت. کە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر هەبوونی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی فرەیی لە کەلتوری ئیسلامدا.

چوارەم: پاڵنەرێکی تری بیری توندڕەوی ئایینی بریتییە لە لێك جیانەکردنەوەی دەقی ئایینی لە وتە و بیروڕای زانایان. لێرەدا دووشت هەیە دەقی ئایینی و تێگەیشتنی زانایان لەم دەقە ئایینیانە. ئەو کەسانەی کە حالەتی توندڕەویان بۆ دروستدەبێ زۆربەی جار ئەم دوو شتە تێکەڵدەکەن، واتا تێگەیشتنی زانایانیان لێدەبێتە دەقی ئایینی یاخود یەکسانی دەکەن بە دەقی ئایینی. لەکاتێکدا دەکرێت فەتوایەك لەلایەن زانایەکی ئایینی درابێت لە هەل و مەرجێکی دیاریکراو بۆنموونە لە بارودۆخی جەنگدابێ، ناکرێت تۆ هەمان فەتوا یاخود دیدگا بهێنیت و لە زەمینەیەکی ئارام و سەقامگیردا باسی لێوەبکەیت و هەوڵی پراکتیزەکردنی بدەیت.
لە پاڵ ئەمانە چەند هۆکارێکی بابەتی هەن بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی ئایینی.
یەکەم: جگە لەم پاڵنەرە خودیانە چەندین هۆکاری بابەتیمان هەیە کە سەرەکیترینیان بریتییە لە ناهۆشیاری کۆمەڵگا، کە ئەمە ڕێخۆشکەرە بۆ دروست بوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ دروست بوونی کەسی توندڕەو.

دووەم: ناسەقامگیری بارودۆخی ئابووری یەکێکی ترە لە پاڵنەرە بابەتیەکان، بەتایبەتی بابەتی بێکاری وادەکات گەنجان لە بۆشایدابن کە ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ گروپ و کەسە توندڕەوەکان کە ئەم گەنجانە بەکار بهێنن و دەستەمۆیان بکەن .سێییەم: یەکێکی تر لە پاڵنەرە بابەتییەکان ناسەقامگیری سیاسییە. بەتایبەتی کاتێك دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی ستەمکاربێت و دادپەروەری لە کۆمەڵگا بوونی نەبێت و دەسەڵات نەتوانێت ئەدایەکی تەندروستانەی حوکمڕانی بکات لە وڵاتدا. لە ئیستادا هەرێمی کوردستان لە حالەتی ناسەقامگیری هەم سیاسی هەم ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە، بەڵام بە بەراورد بەو کۆمەڵگایانەی کە هەمان حاڵەتی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان لە زۆربەی کۆمەڵگاکان باشترە و دیاردەی توندڕەوی ئایینی تێیدا لە هەڵکشاندا نییە (محمود، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).
هەر پەیوەست بەم بابەتە لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ د. لقمان جامیعی مامۆستایی ئایینی، ناوبرا لە ئێستادا ئەندامی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامیە. ئاماژەیان بەوەدا کە نەبوونی زەمینەیەکی گونجاو بۆ ئازادی فکری یەکێکە لە پاڵنەرەکانی دروست بوونی دیاردەی توندڕەوی ئیجا چ توندڕەوی ئایینی بێت یاخود هەر جۆرێکی دیکەی توندڕەوی بێت. کاتێك تاك نەتوانێ گوزارشت لەوە بکات کە باوەڕی پێی هەیە و بەشێوەیەکی ئازادانە دەری نەبڕێت، ڕقوکینە بەرامبەر بەکۆمەڵگا لە ناخیدا کەڵەکەدەبێت و هەست بەوەدەکات کە لە کۆمەڵگادا بوونی نییە و توشی جۆرێك لە نامۆ بوون دەبێت. ئەمەش لێکەوتەی مەترسیداری لێدەکەوێتە چونکە ئەو ڕق و کینەی لە ناخیدایە ئەگەر ڕاستەوخۆش بەرەو توندڕەوی نەیبات لانی کەم لەناخیدا ئامادەی دەکات بەرەو توندڕەوی بچێت. ئەو کەسانەی توشی ئەم حالەتەدەبن دەبنە نێچیرێکی ئاسان و زۆر بە ئاسانی لەلایەن گروپە توندڕەوەکان بەکاردەهێنرێن(جامیعی،٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

ئەوەی دەبینرێت دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا نە گەیشتۆتە ئاستێك کە ببێتە مایەی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و بارودۆخێکی ناسەقامگیر لە هەرێمی کوردستاندا دروست بکات . حالەتەکە بوونی هەیە بەڵام بەمشێوە نییە کە لەنێو وڵاتانی دەورووبەرمان و گەلانیتردا بوونی هەیە. بێگومان ئەمە هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە و چەندین هۆکاری جیاوازی هەیە کە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژە دەدەین بە دیارتین و کاریگەرترین ئاستەنگەکانی بەردەم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا:
١- یەکێك لە ئاستەنگە هەر کاریگەرەکانی بەردم دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە هەرێم بریتییە لە ڕۆڵی حکومەت، کە زامنی پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کردووە بە یاسا. بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ و ماددەی (٨) و برگەی (٢) کە مافی ئەوە دەدا بە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژە یاساکانی پێوەندیدار بە مافی پێکهاتەکان بەرز بکرێتەوە لە پێناو چەسپاندنی بیر و باوەڕ و پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئاشتیانە. هەروەها بە پێی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، سەرۆکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و دەبێتە پاڵنەرێکی کاریگەر بۆ سەقامگیری سیاسی و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەرەنتی کردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێو کۆمەڵگادا، هاوکات بناغەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک یاسای هەیە کە مافی خوێندن و رۆشنبیری و کەلتوریی پێکهاتەکانی تێدایە و گرنگیی زۆریان پێدراوە(احمد،٢٠٢٢،ل٦٤).

لە هەموو کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاری جدی کراوە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان و پاراستنی ئەو پێکەوە ژیانەی کە هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان د.پشتیوان صادق چەندین جار لەڕاگەیاندنەکاندا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە سەبارەت بە ووتاری بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی کە خەڵکی بە "ووتاری توند " ناویان دەبات و پێیانوایە کاریگەری خراپی لەسەر پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان دەبێت، لە وەڵامدا وەزیری ئەوقاف دەڵێت ئێستا لە کوردستان زیاتر لە پێنج هەزار مزگەوتمان هەیە، لە (99%) ووتاری مامۆستایانی ئایینیش ووتاری میانڕەون، لەبەرئەوە هەرکەسێك لە هێڵی پێکەوەژیان بدات لای ئێمە هێڵی سوورە، کولتووری ئێمە کولتووری پێکەوەژیانە و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لەگەڵ میانڕەوییە و دژی توندڕەوییە". لە میانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تۆری میدیای ڕووداو وەزیری ئەوقاق و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان باسی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردوو گووتی "یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانە، بەتایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان(مسرور مسعود مصطفی بارزانی) تەئکید دەکاتەوە کە دەبێت ئەو پێکەوەژیانە بەکرداری قبوڵبکرێت و کاری جدی لەسەر بکرێت (حەسەن،٢٠٢٠،لا١ ).

هەروەك دەبینین لە بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشی پەیوەست بە ئازادی و دیموکراسی و پێکەوژیاندا دوو خاڵی تایبەت کردووە بە پیکهاتەکان کە یەکەمیان بریتییە لە جەختکردنەوە لەو پیکەوەژیانە ئاشتیانەی نیوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسلمان و ئیزیدی و مەسیحی و کاکەیی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەم تایبەتمەندییەی هەرێم دەپارێزین و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهێزتری دەکەین. لە خاڵی دووەمدا پێداگری لە سەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادیی و یەکسانی بە پێی یاسا بۆ هاولاتیانی هەریم دەکەینەوە و بەرگری لە مافەکانیان دەکەین و دژی هەموو جۆرە توندڕەوییەکی تایفی و ئایینی و ڕەگەزی و حزبی دەوەستینەوە(احمد،٢٠٢٢،ل٦٥)

٢- یەکێکیتر لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی زانایانی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان، کە بەدرێژایی مێژوو زانایانی ئیسلام کاریانکردوە بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی ئیسلام لە بوارەکانی (عقیدە و شەریعەت و فقهدا) کە گوزارشتیکردوە لە ئیسلامێکی ڕاست و دروست و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ئیسلام دینداریەکی ئیسلامی لێکەوتۆتەوە کە لە کۆتایی (٧٠) کانەوە تاکو ئیستا بەردەوامە کە بە ڕابوونی ئیسلامی ناودەبرردرێت کە ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە. ئەمەش لەسەر بنەمای ئیسلامێکی میانڕەو گەشەیکردووە. ئەم شێوازە لە دیینداری ئاراستەی زۆرینەی زۆری کۆمەڵگای کوردیە .

٣- ڕۆڵی پارتە فەرمییە ئیسلامییەکان کە بەردەوام بە هەموو شێوەیەك توندڕەوی ئایینی ڕەتدەکەنەوە و ڕووبەڕووی دەوەستن بواری گەشەکردنی نادەن لە ڕێگای بەکارهێنانی میدیا و ئۆرگانەکانیان هەموو کات لە هەوڵی بڵاو کردنەوەی ئیسلامێکی میانڕەون(محمود،٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

٤- ڕۆڵی مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی، کە بەردەوام کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی دەکەن و کاردەکەن لەسەر دوورخستنەوەی گەنجەکان لە بیری توندڕەوی ئایینی و بەئاسانی نەبنە ئامانجی گروپە توندڕەوەکان. بەدرێژای مێژوو مامۆستایانی ئایینی کاریانکردووە لەسەر پەروەردەکردنی تاکی کورد لەسەر بیرێکی ئیسلامی میانڕەو و ووتاری مامۆستایانی ئایینی بەردەوام ستایلێکی میانڕەوانەی لەخۆ گرتووە، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەو خۆی هەبووە لەسەر پاراستنی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان(جامیعی،٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

بەبڕوای من ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردی زۆر بە هێزترن لە پاڵنەرەکانی دروست بوونی، بە لەبەر چاوگرتنی پلانی حکومەت بۆ پێکەوەژیان و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی، دەتوانین بلێین ئاستەنگەکان بەردەوام لە زیادبووندان .بەڵام ئەم زیاد بوونەش پێویستە بە شێوازێك بێت کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای کوردی بگونجێت. لەبەرامبەریشدا پاڵنەرەکانی دروست بوونی ئەم دیاردەیە بەرەو پوکانەوەی زیاتر دەڕۆن لە ژێر کاریگەری ئاستەنگەکان.

## ٤-دەرئەنجام و ڕاسپاردە

### دەرئەنجام

توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامە گەیشتووە کە دیاردەی توندڕەوی ئایینی دیاردەیەکی جیهانی و ئاڵۆزە و هۆکاری دروست بوونی ئەم دیاردەیە خودی ئایین نییە بەڵکۆ بەهەڵە تێنەگەیشتنە لە دەقەکانی یاخود بەمەبەست بەکارهێنانیەتی. تەواوی ئایینەکان بە ئایینی ئاسمانی و زەمینییەکانیش هاندەری مرۆڤن بۆ پێکەوەژیان. لەهەمان کاتدا دەبینین لە هەموو ئایینەکاندا توندڕەوی بوونی هەبووە. کۆمەڵگای کوردییش ئەگەرچی لەڕووی پێکهاتەوە فرە پێکهاتەیە بەڵام ئەم دیاردەیە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و هەموو پێکهاتەکان بەو پەڕی ئازادیەوە پەیڕەوی لە ئایینەکانیان دەکەن. ڕاستە کۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی زۆرینە مووسڵمانە و ئایینی ئیسلامی ئایینی زۆرینەیە بەڵام خودی ئایینەکە هەڵگری پەیامی پێکەوەژیان و یەکتری قەبوڵکردنە و پەیڕەوانی فێری قەبوڵکردنی جیاوازیەکان دەکات، ئەمە ش بۆتە بەربەستێکی بەهێزە لەبەردەم دروست بوون و گەشەسەندنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا  هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کە ئەمە بۆ هۆکاری سیاسی و کێشەی نەتەوەیی کورد دەگەڕێتەوە و هەندێکیش پێئان وایە کە شێوازی دینداری کورد شێوازێکی سۆفیگەرایی بووە و دوور بوە لە توندڕەوی ئایینی. خۆشبەختانە توندڕەوی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردیدا حالەتە و نەبۆتە دیاردەیەك کە مەترسی دروست بکات لەسەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان. هەروەها ئەم پرسە هەموو کات یەکێك بووە لە پرسە سەرەکییەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان کە بەبردەوامی کاریانکردوە بۆ ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی ئەم دیاردە، ئەم گرینگی پێدانە زۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکەوتە مەترسیدارانەی کەلەم دیاردەیە دەکەوێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر ناوچەکەداهات لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە. و دواتریش شەپۆڵی ناڕەزایەتی و گۆڕانکاریەکان کە لە کۆمەڵگا عەرەبیەکاندا کە بە بەهاری عەرەبی ناونراوە. هەروەها دروست بوونی رێکخراوی داعش ئەمانە هەموو ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە توندڕەوی و تیرۆر بەردەوام مەترسین لەسەر پێکەوەژیان و ئاسایشی کۆمەڵگاکان بەگشتی و کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان لە ڕووی ئایین و نەتەوە بەتایبەتی.

## ڕاسپاردە

لێرەوە دەمانەوێت چەند پێشنیازێك بخینە ڕوو کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت بەمەبەستی ڕێگریکردن سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی و پاراستنی پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگاکەماندا.

یەکەم: بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئایینی کۆمەڵگا بەگشتی و خوێندکاران و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی.

دووەم: جاکسازیکردن لە سیستەمی پەروەردە، پێویستە منداڵەکان هەر لە قۆناغەکانێ سەرەتاییەوە فێری کەلتوری یەکتر قبوڵکردن بکرێن.

سێیەم: چاودێریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. پێویستە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوازێك ڕێکبخرێن کە خزمەت بە پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی بکەن لە کۆمەڵگای کوردیدا.

چوارەم: پێویستە حکومەت زیاتر کاربکات بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵك و ڕەخساندنی هەلیکار بەتایبەتی بۆ گەنجان چونکە گومانی تێدانیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروست بووونی دیاردەی توندڕەوی ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ بێکاری و خراپی باری دارایی.

پێنجەم: پێویستە مەرجەعێکی باڵا و بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەبوونی ناکۆکییەکان بۆی بگەرێنەوە و لانی کەم بتوانی کاریگەری بکاتە سەر ئاراستەی فکری کۆمەڵگا ئەگەر نەشتوانێت

دیاریبکات. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناکۆکییە فکرییەکان تارادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگادا کەم ببێتەوە.

شەشەم: کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان. لەبەر ئەوەی لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەواوی کۆمەڵگاکە هەر بۆیەش پێویستی بە هاوکاری هەموو پێکهاتەکان هەیە تاوەکو بتوانن پێکەوەژیان لە کۆمەڵگای کوردی بپارێزن و زەمینەیەکی لەبار نەرەخسێت بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە.

**سەرچاوەکان:**

1. مەسعود بارزانی پێشمەرگەیەک لە پێگەی سەرۆکی هەرێمدا، ئامادەکردنی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم،(٢٠١٤).
2. کاڵێ وسو احمد، چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان،(٢٠٢٢).
3. یوسف سەنگەر و محمد عبدالسمیع،(٢٠٢٠)،بیری توندرەوی فاکتەر و میکانیزمەکانی رێگریکردنی لە هەرێمی کوردستان،calameo،ژمارەی لاپەرەکانی بابەت ٣٣،رێکخراوی ئاشتی و ئازادی.
4. الشبل علی، ٢٠١٣، الجذور التاريخية لحقيقة الغلو والتطرف والإرهاب والعنف، سعوديه، موقع وزارة الأوقاف السعودية.
5. الخواخه،محمد،(٢٠٠٣)،علم الجتماع الدينى(المفاهيم والقضايا)، دار مصطفى.
6. صلاح الصاوى،(١٩٩٣)، التطرف الديني الرأي الآخر، الآفاق الدولية للإعلام.
7. الجذور التاريخية لحقيقة الغلو والتطرف والإرهاب والعنف، سعوديه، موقع وزارة الأوقاف السعودية.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. رئيس التحرير،(٢٠١٨)،الديان فى كردستان العراق،مركز المسبار للدراسات، الأديان في كردستان العراق – مركز المسبار للدراسات والبحوث(almesbar.net)
9. القس ايشاد داود، قشه،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٤/١٠.
10. كاميل محمود،مامۆستای ئایینی، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بزوتنەوەی ئیسلامی،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٥/٢.
11. بسيم عيسا يونس،پ.ی.لەزانکۆی صەلاحەدین،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٧/١٦.
12. خالید گەردی،مامۆستای ئایینی لە شاری هەولێر،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٧/٢٣.
13. د.سەلام حكيم،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٧/١٩.
14. هێمن محمود مصطفى كاكەیی،رۆژنامە نووس،(٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٤/١٦.
15. لقمان جامیعی، مامۆستایی ئایینی، ئەندامی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی،(٢٠٢٢)،چاوپێکەوتن،٢٠٢٢/٤/١٨.
16. زيتون مونى،(٢٠١٧)، مفهوم التطرف الديني، ساسه، د. منى زيتون: مفهوم التطرف الديني (sasapost.com).
17. توفيق سعيد، (٢٠٢٢)، جذور التطرف الدينى، المصرى اليوم، ژمارە ٦٣٧٠، جذور التطرف الدينى | المصري اليوم(almasryalyoum.com) .
18. طبيشات، نعمة، (٢٠٢٢)،آانواع التطرف،موضوع، أنواع التطرف - موضوع (mawdoo3.com)
19. الجسمى، سلطان،(٢٠١٧)،التطرف الدينى اسبابە و تداعياته،اليوم الرابع،٢٠١٧/١٢/٢٥. التطرف الديني.. أسبابه وتداعياته – سلطان حميد الجسمي – اليوم الرابع (alyoumalrabeanews.net)
20. دينا شرف الدين، (٢٠٢٠)،التطرف الدينى و تشدد المذهبى،٢٠٢٠/٥/٢٤،اليوم السابع.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

21.النجار،خالد،(٢٠٢١)،التطرف الدينى،الطريق الاسلام،٢٠٢١/١٠/١٠، التطرف الديني - خالد سعد النجار - طريق الإسلام(islamway.net)

22.قەرەداغی،علی،(٢٠١٤)،ڕۆڵی زانایانی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش و چەواشەکاریەکانی،(سلێمانی-هەرێمی کوردستان)،٢٠١٤/١٠/٢٧، - IKLKURDپرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی: رۆڵی زانایانی ئایینی کورد لە روبەڕووبوونەوەی (داعش)YouTube -

23.مەترسیەکانی توندڕەوی ئاینی لەسەر هەرێمی کوردستان،(٢٠١٨)،ڕووداو، مەترسییەکانی توندڕەوی ئایینی لەسەر هەرێمی کوردستانYouTube -

24.مهندیس،نەوزادی،(٢٠٢٢)،پێکەوە ژیان یان لێکترازان،WTARIKURD،٢٠٢٠/١٠/١١، نەوزادی موهەندیس: پێکەوە ژیان یان لێکترازان؟WTARIKURD –

25.باعەدری،کاروان،(٢٠٢١)، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان دا،پارتی دیموکراتی کوردستان،٢٠٢١/٥/٤، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان دا (kdp.info)

26.کاکەیی،میهرەبان،(٢٠٢١)، کاکەیی و مسوڵمانەکان پێکەوە بۆنە و مەراسیمەکانیان پیرۆز دەکەن،ئاوێنە،٢٠٢١/٩/٢٣، کاکەیی و مسوڵمانەکان پێکەوە بۆنە و مەراسیمەکانیان پیرۆز دەکەن (awene.com)

27.حەسەن،راوچی،(٢٠٢٠)،تێکدانی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکان هێلی سوورە،ڕووداو،٢٠٢٠/٢/٥، پشتیوان سادق: تێکدانی پێکەوەژیانی نێوان... | ڕووداو.نێت (rudaw.net)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The impact of religion extremism phenomena on the community's coexistence (2003-2020 Kurdistan region- Iraq as an example)

**Waleed Jaafar Ibrahim**
Department of Political Sciences, Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Waleed.ibrahim@su.edu.krd

***Keywords:*** *Keywords: extremism, phenomenon, moderate, misguided, coexistence.*

**Abstract**

The research was conducted through many interviews, analysis of several documents, and the use of books, journals, and academic publications using electronic libraries and the Internet. Additionally, the study uses a content analysis type method to achieve its objectives. In essence, the study aims to draw attention to religious extremism and how it affects how communities coexist in the Kurdistan Region. It also tries to illustrate the level of extremism in the Kurdistan Region. The study confirms that religious extremism is a global phenomenon and poses a serious threat to coexistence, especially in multi-communal societies. The Kurdish society is a multi-ethnic society, so it is likely to be exposed to the threat of religious extremism. The study also presents a picture of the ways in which religious extremism occurs, as well as the motives and obstacles facing this phenomenon. It also indicates how favorable the Kurdistan Region is for the emergence and development of this phenomenon. Finally, the study concludes that extremism exists in all societies but in varying proportions. In the Kurdistan Region, this phenomenon is not seen as a threat to the coexistence of different communities. If there is, it is at such a low level that it is not worth mentioning, because any mention is likely to be exaggerated, illogical, or used for other purposes, such as political ones. Until now, there have been no cases of extremism against religious minorities that have threatened this long-standing coexistence. of course, this has not happened easily. There have been many reasons

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


and motives, for example, the role of the government and the religious men. These are strengthening factors to prevent the emergence and development of religious extremism in the Kurdistan Region.

---

## تأثير ظاهرة التطرف الديني على التعايش بين المكونات(2003-2020 اقليم كوردستان العراق كمثال)


**ملخص:**

م إجراء البحث من خلال العديد من المقابلات ، وتحليل العديد من الوثائق ، واستخدام الكتب والمجلات والمنشورات الأكاديمية باستخدام المكتبات الإلكترونية والإنترنت. كما اتبعت الدراسة أسلوب تحليل المحتوى لتحقيق أهدافها. تحاول الدراسة بشكل أساسي تسليط الضوء على التطرف الديني وأثره على تعايش التركيبات في إقليم كوردستان. كما تحاول توضيح مستوى التطرف في إقليم كوردستان. وتؤكد الدراسة أن التطرف الديني ظاهرة عالمية وتشكل خطرا جسيما على التعايش ، خاصة في المجتمعات متعددة التركيبات. لذا فإن المجتمع الكردي مجتمع متعدد التركيبات ، لذا فمن المرجح أن يتعرض لخطر التطرف الديني. كما تقدم الدراسة صورة عن طرق حدوث التطرف الديني و تسليط الضوء على الدوافع والمعوقات التي تواجه هذه الظاهرة. كما يشير إلى مدى ملاءمة إقليم كوردستان لظهور هذه الظاهرة وتطورها. وبالنهاية ، خلصت الدراسة إلى أن التطرف موجود في جميع المجتمعات ولكن بنسب متفاوتة. في إقليم كوردستان ، لا يُنظر إلى هذه الظاهرة على أنها تهديد لتعايش التركيبات المختلفة. إذا كان هناك ، فهو على مستوى منخفض لا يستحق الذكر ، لأن أي ذكر من المحتمل أن يكون مبالغًا فيه أو غير منطقي أو يستخدم لأغراض أخرى. حتى الآن لم تكن هناك حالات تطرف ضد الأقليات الدينية لمستوى تهدد هذا التعايش الطويل الأمد. بالطبع لم يحدث هذا بشكل عشوائي . كانت هناك أسباب ودوافع عديدة منها على سبيل المثال دور الحكومة ورجال الدين. هذه عوامل تقوية لمنع ظهور وتطور التطرف الديني في إقليم كوردستان.